# جیهانێك لە دژی مێ

## جەمال موحسین

نۆڤێمبەری ٢٠٢٤

پێشەکییەکی کورت:
(ئەم بابەتەی بەردەستتان سەبارەت بە ئامارێکی ترسناکە لەسەر ڕێژەی ئەو ژن و کچانەی کە لە ئاستی دنیادا ڕووبەڕووی لاقەکردن و دەستدرێژیی سێکسی بوونەوتەوە. بابەتەکە پێشتر ئامادە کراوە و پەیوەندی بە خودی ڕۆژی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی لە دژی ژنانەوە نەبوو لە کاتی نووسینیدا. بەڵام بەوبۆنەیەوە کە لەو ڕۆژە نزیکبووینەتەوە هەردوو بەشەکەی بەجۆرێک ڕێکخراوەتەوە کە هاوکاتی ئەو یادە بێت و بەمجۆرەش برێک ئەچێتە سەر توندوتیژی بە گشتی و هۆکارەکانی و ئەم کێشەیەش ئەخاتە بەر تیشکی ڕەخنەوە.)

ڕۆژی ١٠ ی ئۆکتۆبەری ئەمساڵ و بەبۆنەی ڕۆژی نێونەتەوەیی کچانەوە، ڕێکخراوی یونیسێف لە ڕاگەیاندنێکی ڕۆژنامەگەریدا بە گوێرەی خەمڵاندنێک ڕێژەی لاقەکردن و دەستدرێژیی سێکسی بڵاوکردبۆوە. سەرەتای ڕاپۆرتەکە باس لەوە ئەکات کە زیاد لە ٣٧٠ ملیۆن کچ و ژن لە ئاستی جیهاندا (واتە لە هەر ٨ کەس، کەسێک) ڕووبەڕووی لاقەکردن یان دەستدرێژیی سێکسی بوونەتەوە. ئەگەرچی ڕاپۆرتەکە زۆر مەسەلەی جیاجیا ئەوروژێنێت، بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە هەر ئەم ڕاپۆرتە ئەڵێ کە ئەگەر شێوازی ''بەریەک نەکەوتن''، واتە ئەم جۆرە توندوتیژیە لەڕێی ئینتەرنێت و یان تەنها بە زارەکی بە حساب بهێنرێت ئەوا ڕێژەکە ئەگاتە ٦٥٠ ملیۆن کەس لە ئاستی هەموو جیهاندا. زۆرترینی ئەو کەسانەی کە ڕووبەڕووی ئەم تاوانە بوونەتەوە لە نێوان تەمەنەکانی ١٤ بۆ ١٧ دان! کە ئەمەش وا ئەکات هەم لەو کاتەدا کە ئەم دەستدرێژیەیان ئەکرێتە سەر و هەم دواتریش لە تەواوی ژیانی گەورەساڵییاندا تووشی جۆرەها کێشەی دەروونی و کۆمەڵایەتی ئەبن و ئەم خورپە قوڵ و ڕاتەکانە وەک مۆتەکەیەک تا دوا هەناسە بە دوایانەوە ئەبێت.

پێشتریش و لە ڕاپۆرتێکی ژنانی سەر بە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا کە لە مانگی ٧ ی ئەمساڵدا بڵاوکرایەوە، باس لەوە کرا کە نزیک بە ٧٣٦ ملیۆن ژن (واتە لە هەر ٣ ژن ژنێک) لانی کەم جارێک ڕووبەڕووی توندوتیژی جەستەیی و دەستدرێژی سێکسی لەلایەن دۆست و خۆشەویستەکەیەوە یان کەسی غەیرەوە بۆتەوە. ئەوانەشی ئەم ئامارانە ئەیانگرێتەوە لە تەمەنی ١٥ و بەرەوژوورن. وە کەسانێک ناگرێتەوە کە ڕووبەڕووی گێچەڵی سێکسی بوونەتەوە (بە واتایەکی تر ئاماری ئەوان جیاوازە و پێئەچێت بەشێکیان لەوەیاندا حساب کرابن کە لە سەروتر ئاماژەی پێدراوە و دوای ئەم ڕاپۆرتەیان دەرچووە). ڕاپۆرتەکە هەروەها باس لەوە ئەکات کە لە ساڵی ٢٠٢٢ دا ٤٨٨٠٠ ژن و کچ لە جیهاندا لەلایەن خۆشەویستەکانیان یان دۆستەکانیان یاخود هاوسەرەکانی ئێستا یا هی پێشووتریانەوە کوژراون و ئەم ڕێژەیەش ئەکاتە کوژرانی ٥ ژن یان کچ لە هەر کاتژمێرێکدا لەلایەن کەسانی ناو خێزانەکەی خۆیانەوە! پاشان دێتە سەر ئەوەی کە لە قەیرانە مرۆیی و تەندروستی و کەشوهەواییەکان (لافاو و زریان و...هتد. ) دا ڕێژەی توندوتیژی لە دژی ژنان زیاد ئەکات. شتێک کە جێگەی سەرسوڕمان نییە ئەوەیە لەپاڵ وڵاتانی وەک نیپاڵ کە لە دوای بومەلەرزەکان لە ساڵی ١٩٩٠ هوە تاکو ٢٠١٥بازرگانیکردن بە ژنان و کچانەوە لە ٣ بۆ ٥ هەزارەوە بەرزبۆتەوە بۆ ١٢ بۆ ٢٠ هەزار و لە ئەتیوپیا ڕێژەی فرۆشتنی کچانی خوار تەمەنی ١٨ ساڵ بەناوی هاوسەرگیریەوە بۆ دەستکەوتنی خواردن و بژێوی خێزانەکان بەرزبۆتەوە، لە جەرگەی پێشکەوتنی دنیادا لە ویلایەتی میسیسیپی ئەمریکا ڕێژەی لاقەکردنی ژنانی ئاوارەبوو شەش ئەوەندە زیادی کردووە و لە نیوزیلاند لە دوای زریانی کانتربێری

(ساڵی ٢٠١١) بە پێی ڕاپۆرتی پۆلیس توندوتیژی خێزانی لە سەدا ٥٣ زیادی کردووە. ئەمە و چەندین ئاماری ترسناکی تر کە ڕاپۆرتەکە نیشانی ئەدات لە بازرگانی کردن بە کچان و ژنانەوە بگرە تا ناچارکردنیان بە لەشفرۆشی و تا هاوسەرگیری منداڵان و شێوازەکانی خەتەنەکردن و تا توندوتیژی و گێچەڵ کردن بە ژنان لە ناو کۆمەڵگەدا بە گشتی و شێوازەکانی توندوتیژی لەڕێی ئینتەرنێتەوە...هتد. لە نوێکردنەوەیەکی ئامارەکانی ئەمساڵدا هەمان دەزگای سەر بە نەتەیەکگرتووەکان، ڕێژەی کوشتنی ژنانی بە ٥١١٠٠ خەملاندووە لە ساڵی ٢٠٢٣ دا واتە نزیک بە ٦ ژن لە هەر کاتژمێرێک و لە هەر ١٠ دەقیقەدا ژنێک کوژراوە! باقی ژمارەکانی تری ناو ئەم ئامارە تازەیە بە نزیکەیی وەک هەمان ئەوانەیە کە لەسەرووتر ئاماژەم پێداون. (بۆ خوێندنەوەی هەرسێ ڕاپۆرتەکە سوود لەم لینکانە وەربگرە کە بە زمانی ئینگلیزیە:

https://www.unicef.org/press-releases/over-370-million-girls-and-women-globally-subjected-rape-or-sexual-assault-children

https://www.unwomen.org/en/articles/facts-and-figures/facts-and-figures- ending-violence-against-women

https://www.unwomen.org/en/articles/facts-and-figures/facts-and-figures- ending-violence-against-women

ئەم نمونانە پێمان ئەڵێن کە دۆزەخ و سووتانی ڕاستەقینەی ژنان لێرەیە، لەم گۆی زەویە. ئەگەر ئەم جیهانە جارێک دژی هەموو مرۆڤ بێ و دەستاری هارینی ژیانیان بێ، ئەوا چەند قات وەک ئاشێکە و نەک تەنها لە ساڵدا، بگرە لە مانگ و هەفتە و ڕۆژ و کاتژمێر و بگرە خولەکیشدا لاشەی ژنان و کچان ئەهارێت. بۆیە جێی خۆیەتی بپرسین ئەم هەموو توندوتیژیە لە دژی ژنان بۆچی؟ ئەگەر لە وڵاتانێکی ژێردەستە و داگیرکراو و خاپورکراو بە جەنگدا ژنان و منداڵان و بە تایبەت منداڵانی مێ ئەبنە قوربانی یەکەم، ئەگەر لە وڵاتانێکی بەناو تازەپێشکەوتوودا زۆرترین ڕادە و ڕێژەی قوربانی دژی توندوتیژی تۆمارئەکرێ، بەڵام بۆچی لە جەرگەی دنیای پێشکەوتوو و دیموکراسی و بەناو مافی مرۆڤدا هێشتا ئاماری ترسناک لە دژی ژنان هەیە؟ ئاخر خۆ بزووتنەوەی (می توو Me Too) لە ئەمریکا و وڵاتانی پێشکەوتوودا سەریهەڵدا لە دژی دەستدرێژی سێکسی و گێچەڵپێکردن لە شوێنی کار و شوێنە گشتیەکاندا خۆ لەم وڵاتانەدا سەرکوتکردنی سێکسی (كبت الجنسی) بوونی نییە! ئەی هەموو ئەو ڕووداوانەی کە بە پەنهانی لە دەسەڵات و پۆلیس و خودی خێزان و دامودەزگایەک ماوەتەوە و ناچنە چوارچێوەی ئەم ئامارانەی دامودەزگاکانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکانەوە لە کوێدا جێیان بۆ ئەکرێتەوە؟ ئەم هەموو توندوتیژی و سەرئەنجام دۆزەخە ڕاستەقینەیە بۆ ژنان و مێیینەکان بۆ؟ ئەم وتارە هەوڵ ئەدات گەر بە کورتیش بێت سەرنجێک لەم پرسیار و مەسەلانە بدات. هاوکات خودی ئەو پێشنیارانەش بخاتە ژێر پرسیارەوە کە لەلایەن دەزگایەکی وەک نەتەوە یەکگرتووەکان و پێکهاتەکانیەوە لە پەیوەند بەم کێشانەوە ئەخرێنە ڕوو.

کۆمەڵگەی چینایەتی سەرمایەداری خۆی سەرچاوەی گەورەترین و ناڕاوەترین توندوتیژیە لە فۆرمە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوریەکەیدا و سەرئەنجام تەندروستی و دەرونیەکەیدا. چینێکی فراوان و زۆرینەی کۆمەڵگا بەزۆر و ناچاری، بە ڕوویۆشی "ئازادانە"وە خراوەتەوە بازاڕی کارەوە و ناچار بە فرۆشتنی هێزی کاری کراوە کە ئەم زۆرینەیە هەرچی بەرهەمی مادی و کۆمەڵایەتی و خزمەتگوزاری هەیە بەرهەمی ئەهێنێت، بەڵام خۆی لێ بێبەشە. زیادە لە کاری ئەم زۆرینەیە بەناوی زێدەباییەوە ئەبێتە قازانجی زیاتر و سەرمایەی کەڵەکەبوو بۆ کەمینەیەک تەنها لەبەرئەوەی خاوەنی هۆکانی بەرهەمهێنانن. واتە چینێکی زۆرینە ئەبێ کار بکات و چاویشی لەسەر بەرهەمەکەی خۆی نەبێت کە بۆ خۆی و منداڵەکانی بێت لە کاتێکدا ئەبینی کەمینەیەک لەسەر کێوێک لە بەرهەمەکانی ئەم دانیشتووە، ئیتر ئەمە بەهێزترین و زەقترین شێوازی توندوتیژیە. جا چینی

باڵا دەست ، کە کەمینەکەیە، بە هێز و سوپا و زیندان و جۆرەها دامودەزگای توندوتیژیش ئەم جێگەوڕێگە چینایەتیە، باڵا بۆ خۆی و ژێردەستە بۆ ئەوی دی، ئەپارێزێت. بە واتایەک توندوتیژییەکی ڕێکخراو و دەوڵەتی، ڕەوایەتی پێدراو و یاسایی بەڕێوە ئەبات. بێگومان لەنێو هەر ئەم چینەی زۆرینەدا ڕەگەزێکی تر کە ژنانە، چەوسانەوەیەکی زیاتری لەسەرە. ئەو لەسەریەتی چ بەرپرسی بەرهەمهێنانەوە (reproduction) بێ و چ وەک کرێکارێکی بێماف هەم کاری ماڵەوەش ئەنجام بدات و هەمیش وێل بێ بە دوای کارێکدا کە بەرهەمی ڕەنج و ماندووبوونەکەی بۆ خاوەنی هێزەکان و ئامێرەکانی بەرهەمهێنانە. بەمجۆرە ژنانیش ئەچنە چوارچێوەی ئەم توندوتیژیە گشتیەوە. بەڵام کار هەر بەمەوە ناوەستێ! پیاوێکی کرێکاری توڕە و ناڕەحەت، پیاوێکی کرێکار کە ماندووی دەستی ئەو چەوسانەوە و توندوتیژیە چینایەتیەیە، چ بە ئیرادە و چ لائیرادی، چ ئاگایانە و چ بێئاگایانە، ئەو توندوتیژیە لە خێزاندا ئەنجام ئەداتەوە. کە ئەمە ئەتوانێ لە فۆرمی لێدان و توندوتیژی جەستەییدا بێ لە دژی هاوسەر و منالەکانی بە نێر و مێوە، یاخود ئەو بێ دەسەڵاتی و ''هیچ کەسی''یەی لە کۆمەڵگەدا بەسەریدا سەپێندراوە لە شێوازێکی تردا و بە شێوەی توندوتیژی نواندن ڕەنگئەداتەوە. بۆیە لێرەدا کاتێک سەیری دەوڵەت وەک ئامێرێکی چینایەتی بکەین بۆ پاراستن و سەپاندنی ئەو هەلومەرجە ئابوری و کۆمەڵایەتیە چینایەتیەی چەوسانەوەی زۆرینە ئەسەپێنێ، ئەبێ یاسا و فەرهەنگ و نەریتێکی کۆمەڵایەتیش برەو پێبدات کە ئەو توندوتیژیە چینایەتیە بپارێزێ. هەر ئەمەش شێوازەکانی تری توندوتیژی لە بواری کۆمەڵایەتی و خێزانی و هەتا شەخسیدا برەو پێئەدات و تەشەنە ئەکات. بەم لێکدانەوەیەوە سەیر نییە، خاوەن کارێک جگە لەوەی چاوی لەوەیە هێزی کاری کرێکارێکی مێینە بمژێ و بیکات بە سەروەتی کەڵەکە بوو، جەستەشی بکاتە نێچیرێکی بەچەترسێنکراو و بە لاقەکردنی ملشۆڕی زیاتری چەوسانەوە چینایەتیەکەی بکات. ئیتر ئەمە شۆڕ ئەبێتەوە بۆ پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان و وەک نەریتێکی باو دۆست و خۆشەویستیش خۆیان بە مۆڵەتپێدراو ئەزانن کە ئەگەرچی ژن یان کچە هاوڕێکانیان نەیانەوێ و مەیلیان لە جووت بوون نەبێ، لاقەیان بکەن، یان گێچەڵی سێکسییان پێ بکەن و جۆرێک لە دەستڕۆیشتوویی بەسەریاندا بنوێنن. بەڵام بۆچی کاتێک پۆلیس و دەوڵەت بەم مەسەلانە ئەزانن خوێنساردانە و بێباکانە مامەڵە ئەکەن؟ بۆچی ئایا ئەوەندە پارە و ئیمکانیات و هێز و دامودەزگایان لەبەردەستا نییە پێش ئەم توندوتیژیانە بگرن و''داکۆکی'' لە ژنان و کچان بکەن؟ بەڵێ زۆر بە زیادەوە هەیانە بەڵام ئەوان پارێزەری ئەو سیستەمەن کە پێویستی بەوە هەیە ژنان و کچان ژێردەستە و ژێرچەپۆک و بگرە مرۆڤی ناخ و دەروون شکاو بن تاکو مرۆڤەکان یاخی نەبن و شۆڕش نەکەن و ئەو سیستەمەیان لێ تێکنەدەن کە سەرچاوەی پارە و سەروەتە بۆ ئەوانی کەمینە و نەهامەتی و توندوتیژیش بۆ چینی کرێکاران بە ژنان و و پیاوانەوە. سیستەمێک کە بێباکە لەوەی لە هەر کاتژمێرێکدا ژن یان کچێک بکوژرێ، سیستەمێک کە بێباکە لەوەی لە هەر ٨ ژن ژنێک لاقەبکرێ (جگە لە ژمارە شاراوەکان)، سیستەمێک کە ژنانێکی کرێکار لە حەوزەی هەرزانی ئاسیای دوور و ئاسیای ڕۆژهەڵات و بەرازیل و ئەمریکای لاتین و کەمبۆدیا و ...هتددا ناچار بە کاری ڕۆژانەی بەرامبەر بە ١ و ٢ دۆلار کردووە و خانووی تەنەکەی ژەنگاوی و نایلۆن و جەمەلۆنی کردووە  بە شوێنی ژیان و حەوانەوە و شیردان بە منالەکانیان، ئیتر ئەوە خودی ئەو سیستەمەیە کە توندوتیژە و تا سەر ئێسقان دژە ژنە. سیستەمێک کە لە بانگەشەی هەڵبژاردنە دیموکراسیەکەیەوە ئەوپەڕی سوکایەتی بە ژنان ئەکات و بەربژێری سەرۆکایەتیەکەی تۆمەتبارە بە پەیوەندی ژێربەژێر بە لەشفرۆشەکانەوە تا نهێنیەکانی بۆ بپارێزن، سیستەمێک کە جۆرەها جەنگی بەرپاکردووە و لە جەرگەی موشەکبارانەکانیشدا خەیاڵی لای لاقەکردنی ژنانە، ئیتر سیستەمێکی داڕزیو و دژە ژن و بێفەڕە کە نە بە ڕاپۆرتەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان مەلەفی ڕەشی سپی ئەبێتەوە و نە ئەشتوانێ و ئەیەوێ چارەسەرێک بەرامبەر بە توندوتیژی دژی ژنان چ جەستەیی و چ دەرونی و مەعنەوی بدۆزێتەوە. سیستەمێک کە خۆی داڕزیوە و پایەی لەسەر چەوسانەوەی ئینسان بۆ کاری بەکرێ داناوە، پێویستی بە دابەشکردنی ئینسانەکانە لەسەر بنەمای ڕەگەز و جۆرەها ناو و شوناسی ساختەی تر،

پێویستی بە دابڕاندنی هێزی کاری کۆمەڵگەیە بە ژن و پیاوەوە، بە نەتەوە و ڕەگەزی جیاوە، بە ئاین و ئینتمای ترەوە، هەربۆیەشە لەپێناو بەیەکدادانی ئەم بەشە جیاکراوانە پێویستی بە توندوتیژی هەیە. توندوتیژی دژی ژنان لە هەموو شێواز و جۆرەکانیدا، چ جەستەیی، سێکسی و دەرونی، پیسترین فۆڕمی توندوتیژییە کە تەنها و تەنها لە سیستەمە چینایەتیەکان ئەوەشێتەوە هەروەکو دنیای ئێستا. سیستمێک کە گێتییەک لە بۆگەناوی توندوتیژی دژی ژنانی خولْقاندووە. هەربۆیەشە فەرهەنگی سوک تەماشاکردن و بێبایەخکردنی ژنانی ڕەواجبێداوە و بە کاڵاکردن و وەک بوکەشووشە مامەڵەکردنی لەگەڵ ژناندا کردۆتە مۆد و شتێکی باو و چەندین بەرنامەی تەلەفزیۆنی تافهی بۆ داناوە کە هەر لە پارەی کەڵەکەکراوی هێزی کاری ژنان و پیاوان بەڕێوەیان ئەبات. بۆیە باسکردن لە بنبڕکردنی توندوتیژی دژی ژنان لە فۆڕمە جیاوازەکانیدا لەلایەن دامودەزگاکانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕاپۆرتە فەرمیەکانی ئەو وڵاتانەوە کە ئەو جۆرە لە توندوتیژییان تێدایە گوێزێکی بێ کاکڵە و بەس.

کەواتە مادام کە سیستمێک سەرچاوەی هەموو جۆرەکانی توندوتیژیە، مادام کە ڕاپۆرتەکانی ئەو سیستەمەش دادی ژنان نادات و ڕێگەیەکی گونجاو بۆ کۆتایی هێنان بەو نەهامەتیانە نیشان نادات، ئەبێ خودی ئەو سیستەمەی کە سەرچاوە سەرەکیەکەیەتی هەڵبوەشێتەوە و نەمێنێ. ئەم کارەش بە شۆڕشی کۆمەڵایەتی چینی کرێکار ئەنجام ئەدرێ.

پێویستی گۆڕانکاری ڕاستەقینە لەوێوە سەرچاوە ئەگرێ کە سەراپای ئەم سیستمە بخرێتە ژێر پرسیارەوە. کاتێک زەمینەی توندویتژی نامێنێ کە بناغەی چەوسانەوەی چینایەتی لەناوبچێ کە ئەوەش تەنها و تەنها لەڕێگەی بەرپاکردنی شۆڕشی کۆمەڵایەتی چینی کرێکار، شۆڕشی کۆمۆنیستییەوە ئەکرێت کە تەواوی پایەی ئەم سیستەمەی ئێستا لە بناغەوە هەڵئەتەکێنێ. سیستمێک دائەمەزرێنێ کە پێویستی بە جیاکردنەوەی ژنان لە پیاوان نییە، کە تیایدا چینێکی کارکردووی زۆرینەی بێ ماف و بێ ژیان و چینێکی خاوەنداری هەموو شتێک نییە. تەواوی کۆمەڵگە کارکردووانە و بەم پێیەش بەرهەمی کارکردنی کۆمەڵایەتی بۆ پێداویستی هەمووان و کۆمەڵگەیە. واتە سەرچاوەی توندوتیژی نامێنێ. دنیایەکی لەم چەشنە مومکین و پێویستە و وا بەستەیە بە خەبات و تێکۆشانی ڕۆژانەی چینی کرێکار کە زۆرینەن و نیوەی ئەم چینە کە ژنانە، وەک بەشێک لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی ئەم چینە. گۆڕانکاری ڕاستەقینە بۆ نەمانی توندوتیژی، نەمانی سەرچاوەکەیەتی کە سیستمی سەرمایەداریە و ئەوە سۆشیالیزمە کە ئەتوانێ ئەم کارە بکات. خەباتکارانی ڕێگەی ڕیشەکێشکردنی توندوتیژی دژی ژنان، خەباتکارانی چینی کرێکارن بۆ سۆشیالیزم.

هێشتا پرسیاری گەورە ئەوەیە کە ئایا ژنان و کچانێک کە لاقە و هەراسان ئەکرێن یان لەبەردەم هەڕەشەی ئەوەدان وە هێشتا خەباتی چینی زۆرینە نەگەیشتووە بەوەی تەواوی سیستم و کۆمەڵگە بگۆڕێ بە کۆمەڵگەیەکی سۆشیالیستی و ئازاد و یەکسان، ئەوان چی بکەن؟ ئایا دانیشن و لە چاوەڕوانی ئەوەدا بن کە ئەو شتە لە ئاسمانەوە بۆیان دابارێ؟! بێگومان نەخێر. خەباتی ڕۆژانە بۆ زیادکردنی قوتی منالآن و کرێ و باشبژێوی، بەشێکی دانەبڕاوە لە خەبات بۆ دەستەبەرکردنی یەکسانی و بەمجۆرەش نەهێشتنی توندوتیژی و دەستدرێژی بۆ سەر ژنان چونکە سەرچاوەی کرێی کەم و بێخانەولانەیی و نەبوونی خزمەتگوزاریەکان هەمان سەرچاوەی چەوسانەوەی ژنان و نایەکسانکردنیانە و بەمجۆرەش سەرچاوەی نواندنی هەر جۆرە توندوتیژیەکی سێکسی و جەستەیی و دەروونیە لە دژیان. چۆن کرێکاران بە ژن و پیاوەوە خەبات ئەکەن بۆ زیادکردنی کرێ و دابینکردنی مەسکەن و پۆشاک و باقی پێداویستیەکانی تری ژیان، ئاوهاش ئەبێ و ئەتوانن فشارەکانیان زیاد بکەن لە دژی توندوتیژی و هاوکات هەتا گۆڕینی ئەو یاسا و نەریتانەی کە برەو بە توندوتیژی بە هەموو جۆرەکانیەوە ئەدەن. بەڵام ئایا ئەو کارە بە بڕیار و تەوسیەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان ئەکرێ کە داوا لە وڵات و دەوڵەتەکان ئەکات پێوەرەکانی توندتویژی کەمبکەنەوە و نەیهێڵن و گوایە هوشیاری لە کۆمەڵگەدا بەرز بکەنەوە، پارەیەکی زیاتر تەرخان بکەن لەپێناو جەنگان لە دژی توندوتیژیدا؟ بەڵام بۆی

جێی پرسیار نییە ئەو ملیارەها دۆلار یان یۆرۆیە لە کوێوە هاتووە و وا بەشێکی گوایە پێویستە تەرخان بکرێ بۆ نەهێشتنی توندوتیژی؟ خودی ئەو سیستمە بەرکارەی سەرچاوەی توندوتیژیە بە هەموو جۆرەکانیەوە بە دەستلێنەدراوی ئەهێڵێتەوە. ئاخر هەر ئەو دەسەڵات و دەوڵەت و حکومەتانەی کە ناویان هاتووە یان نەهاتووە لەم ڕاپۆرتانەدا لەسەر بنەمای چەوسانەوە و بەشبەش کردن و پیادەکردنی شێوەکانی توندوتیژیەوە سەدان و بگرە هەزاران قاتی ئەو ملیار دۆلارەیان دەستئەکەوێ و کەڵەکەی ئەکەن، کە بڕیارە ئەگەر بە قسەی نەتەوە یەکگرتووەکان بکەن، لەپێناو پلانەکانی دژی توندوتیژیدا بەکاریبهێنن! لە باشترین حاڵەتی تەوسیەکانی ئەم دەزگایەدا ئەنجامی نادیە موردای لێئەکەوێتەوە کە یەکێکە لە قوربانیەکانی داعشی ئیسلامی کە کرایە سەبایا و کۆیلەی سێکسی، ئێستا خۆیان وتەنی وەک ''ژنێکی ئازا'' سەرپەرشتی پرۆژەیەک ئەکات کە قوربانیانی توندوتیژی (بەتایبەتی توندوتیژی سێکسی) لەباری دەروونیەوە ئەهێنێتەوە جێی خۆیان و بەهێزیان ئەکاتەوە. سەربارى ئەوەی خودی ئەو کارە باشە، بەڵام لێرەدا نە قسەیەک لەسەر ئەوەیە ئەم خوێنخۆرە ئیسلامیانە بۆچی و لە کوێوە و بە پارەی کێ هاتن و هەزارەهای وەک نادیەیان بەو چارەنوسە گەیاند. هاوکات قسەیەکیش لەسەر ئەو سیستمە نییە کە لەژێر بیانوی جیاجیادا هاوشێوەکانی داعش چ لە باری سیاسی و حکومەتی و دەوڵەتیەوە (بە نمونە تالیبان و کۆماری ئیسلامی ئێران و تەحریر ئەلشام و...هتد) و چ لەباری کۆمەڵایەتیەوە بەرئەداتە گیانی ژنان.

هەتا لە ئاستی نێودەوڵەتیدا فشار لەسەر دەوڵەت و حکومەتەکان دابنرێ پلانی تۆکمە و پارە تەرخان بکەن بۆ بەرزکردنەوەی هوشیاری بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان، کارێکی باشە. بەڵام توندوتیژی بەوە بنبڕ ناکرێت، وەک باسکرا. پێویستە لە ئاستی هەر وڵاتەدا و لە ئاستی جیهانیشدا بزووتنەوەکانی یەکسانیخوازی ژنان و ڕادیکاڵ لە ڕیزێکی فراوان و پتەودا لە ئاستی لۆکاڵی و نێونەتەوەییدا دژی پیاوسالاری و دەسەڵاتی پارێزەری بوەستنەوە. ڕێکخراوەکانی ژنان پێکبهێنن، کە بە شێوەیەکی میلیتانتانە (دڕانە) ڕووبەڕووی دەسەڵات و یاساکانیان، پیادەکەرانی توندوتیژی ببنەوە. وە لە ئاستی هەر وڵاتەدا ئەم خەباتە ڕێکخراوەییە پەیوەست بکەنەوە بە خەباتی چینی کرێکار بۆ ڕزگاری و ئازادیەوە. سەرئەنجام ئەم خەباتە لۆکاڵیانە لە چەترێکی جیهانی و نێودەوڵەتیدا کۆبکرێنەوە کە هەر ئێستا لە مەیدانیدایە. بەمجۆرە خەباتێک لە بەرگریکارەوە بگۆڕین بۆ هێرشبەر، هێرش بۆ سەر سیستمێک کە توندوتیژی دژی ژنانی لە هەموو فۆرمەکانیدا برەوپێداوە و لەم پێناوەشدا فەرهەنگ و یاسا و دەزگای داپڵۆسین و ئەدەب و هونەر و زیندانی بۆ پاراستنی خستۆتەکارەوە. ئێمە کۆمۆنیست و سۆشیالیست و یەکسانیخواز و ئازادیخوازەکان جەنگاوەرانی ئەم بەرە هێرشبەرەین.